## نیهاد ئۆزدیمیر تایبەت بە گوڵان:

# فەنەرباخچە بۆ ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە دێتە هەولێر

هەفتەی رابردوو کەسایەتیی دیاری یانەی فەنەرباخچە و خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای تورکی نیهاد ئۆزدیمیر گەیشتە هەولێری پایتەخت بە مەبەستی ئەنجامدانی سیمینارێك و لەم سەردانەدا کاری وەرزشیشی ئەنجام دا، کاتێك سەردانی یانەی هەولێری کرد و لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی یانەکە بوو، نیهاد ئۆزدیمیر راستە جێگری سەرۆکە، بەڵام کەسایەتیی یەکەمە لە یانەکە و خاوەن ناوبانگێکی زۆرە لە نێو هاندەرانی یانەکە و هەردەم لە خەم و پێشکەوتنی یانەی فەنەرباخچەدایە، لەم ماوەیەدا یانەکە تووشی گرفتیکی گەورە بووەتەوە، کە هەڕەشە لە سەرۆك یانە دەکرێت بەوەی کە بەند بکرێت بەهۆی تێوەگلانی لە کێشەی گەندەڵیدا، بەڵام نیهاد ئۆزدیمیر دڵنیایە لە سەرەوەریی یاسا بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیەو زانینی چەند زانیارییەکی تایبەت، بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ ئەم کەسایتیە ئەنجام بدەین.



***ئامانجی ئەم سەردانەت بۆ کوردستان چییە؟**

- ئامانجی سەرەکیم بازرگانی بوو، بەڵام حەزم کرد بزانم وەرزش لە کوردستان چۆنە، بۆیە بە پێویستیم زانی سەردانی گەورەترین یانە لە کوردستان و عێراق بکەم ئەویش یانەی هەولێر بوو، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ئەم یانەیە و وەرزشی کوردستان بم، هەروەها لە رووی سیاسییەوە پەیوەندیی نێوان کوردستان و تورکیا زۆر چاکە، منیش هەوڵ دەدەم زیاتر گەشە بەم پەیوەندیە بدەم، بەڵام لە رووی وەرزشەوە، چونکە ئێمە یەك نەتەوەین و جیاوازیمان لە نێواندا نییە.

*** تا چەند زانیاریت لەسەر هاندەرانی یانەکەت (فەنەرباخچە) لە کوردستان هەیە؟**

- یانەی فەنەرباخچە یەکێکە لە یانە هەرە گەورەکانی تورکیا و خاوەن پێگەیەکی جەماوەری یەك جار زۆرە لە تورکیا و هەردەم لە نازناوەکان نزیکە، بەڵام کە هاتمە کوردستان هەستم بەوە کرد، کە یانەکەم جەماوەرێکی زۆری لە کوردستان بە تایبەتی لە هەولێر هەیە، چونکە کاتێك لە شەقامەکان دەرۆیشتم یان لە شوێنە گشتیەکان کەسانێکی زۆر لێم نزیك دەبوونەوە پرسیاری یانەی فەنەرباخچەیان لێ دەکردم و دەیان پرسی کەی یانەکە دێتە کوردستان یاخود چ یاریزانێکتان کڕیوە، بەڕاستی من سەرسامم بووم و هەستم بەخۆشیەکی زۆر کرد.

*** چۆن دەڕوانییە ئەم کێشە گەندەڵییە، کە ئێستا یانەکە پێوەی دەناڵێت؟**

- ئەوەی راستی بێت، ئێمە متمانەیەکی تەواومان بە دادگا و یاسای تورکیا هەیە بۆیە ئێستا دادگا لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکات بۆ ئەوەی بگەینە راستییەکان و بۆ شەقامی تورکیاش روون بێتەوە و ئێمە متمانەیەکی تەواومان هەیە، کە ئەم کێشە بە زووترین کات چارەسەر دەبێت.

*** ئایا ئەم کێشەیە کاریگەری لە یانەکە ناکات؟**

- ئێستا یانەکەمان بە قۆناغێکی گرنگ تێپەڕ دەبێت، هەروەها فەنەرباخچە یانەیەکی گەورەیە و خاوەن مێژوویەکی زۆرە، بە بۆچوونی خۆم ئەم بابەتە هیچ کاریگەری لەسەر یانەکە نابێت، چونکە یانە گەورەکان هەردەم لە کاتی تەنگانەدا دەستکەوت بە دەست دەهێنن و ئومێدەوارین ئەمساڵیش بتوانین نازناوەیەك بە دەست بهێنین.

*** چۆن وەسفی سەردانەکەت بۆ یانەی هەولێر دەکەیت؟**

- لەم سەردانەدا زۆر شتی گرنگ هەبوو، کە تیایدا توانیمان چاومان بە دەستەی کارگێڕیی یانەکە بکەوێت و چەندین باسی گرنگ ئاڵوگۆڕ کرا، لەوانە ئەنجامدانی ئۆردوگای مەشقی و یاریی دۆستانە،هەروەها سەیری یاریگەی شەهید فرنسۆ هەریریم کرد.

*** ئەگەر زیاتر باسی یارییە دۆستانەکە بکەیت چۆن و کەی ئەنجام دەدرێت؟**

- ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی یانەی هەولێر رێکەوتین، کە یانەی فەنەرباخچەی تورکی سەردانی شاری هەولێر بکات بۆ ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە لەگەڵ یانەی هەولێر و گشت ئەستێرەکانی یانەکەش ئامادە بن، بەهەمان شێوە یانەی هەولێر سەردانی تورکیا بکات بۆ ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە لەگەڵ یانەکەی ئێمە، بەڵام کاتی یارییەکە دیاری نەکرا، چونکە ئێستا یانەی فەنەرباخچە سەرقاڵی خولەکانی تورکیا و ئەوروپایە بەهەمان شێوە یانەی هەولێریش سەرقاڵی خولی عێراق و ئاسیایە رەنگە ئەم یارییە لە وەرزی هاویندا ئەنجام بدرێت و رەنگە لە مانگی ٩، بەڵام هێشتا دیار نییە.

*** ئەی سەبارەت بە ئۆردوگای مەشقی؟**

- ئێمە حەز دەکەین ئۆردوگایەکی مەشقی بۆ یانەی هەولێر لە تورکیا ساز بکرێت و من پێم راگەیاندن، کە هەر کاتێك یانەی هەولێر ئۆردوگای مەشقی هەبوو بەتایبەتی لە تورکیا ئەوە دەعوەتی منن، چونکە دەمەوێ خزمەتی بواری وەرزشی کوردستان بکەم و هاندەرانی هەردوو یانە لە یەك نزیك بکەینەوە.

*** یاریگەی شەهید فرنسۆ هەریری-ت چۆن بینی؟**

- یاریگایەکی خۆشە، بەڵام بەداخەوە زۆر بچووکە بۆ شارێکی گەورەی وەکو هەولێر، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە دەبێت یاریگایەکی گەورە بۆ یانەکە دروست بکرێت تاوەکو جەماوەرێکی زۆر لە نێو یاریگا ئامادە بێت.

*** دوا وتەت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان چییە ؟**

- زۆر سوپاسی ئێوەی خۆشەویست دەکەم بۆ رەخساندنی ئەم دەرفەتە بەهیوای سەرکەوتن بۆ گۆڤارەکەتان و دڵنیام ئەم ساڵ یانەی فەنەرباخچە لە گشت یارییەکان پلەی یەکەم بە دەست دەهێنێت و دووبارەی دەکەمەوە، کە بەم نزیکانە یانەی فەنەرباخچە دێتە کوردستان بۆ ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە لەگەڵ یانەی هەولێر.

دیمانە: زێبین رەمزی

## شارا ئەکرەم:

# تاکە ئافرەتی ناوبژیوانی تێنسی سەرمێزم لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق

*** چۆن بوو هاتیتە نێو دنیای وەرزشییەوە؟**

- من هەر لە منداڵییەوە خولیام بۆ وەرزش هەبووە لە قوتابخانە لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی بەشداری هەموو چالاکییەکانم کردووە، لە کاتی چوونیشم بۆ زانکۆ بە هۆی حەزم بۆ وەرزش تەنازولم کرد بۆ کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی.

*** بۆچی بواری ناوبژیوانی یاریی تێنسی سەرمێزت هەڵبژارد؟**

- بە شێوەیەکی گشتی هەموو یارییە وەرزشیەکانم خۆش دەوێ، زۆربەی یارییەکانیشم ئەنجامداوە وەکو وەرزش کردن توانیومە ناوبژیوانی یارییەکانی تریش بکەم جگە لە ناوبژیوانی تێنسی سەرمێز، بەڵام حەزم لەم یارییە بووە.

*** ئاستی ئەم یارییە لە رووی ئافرەتان وەکو پێویستە؟**

- نەخێر وەکو پێویست نییە چ لە رووی یاریزانەوە چ لە رووی ناوبژیوانانیشەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- شت زۆرە ئەگەر بکرێت، بۆنمونە کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان و هێنانی راهێنەری باش و بەتوانا و کردنەوەی پاڵەوانێتیی زیاتر بۆ یاریزانان ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان.

*** تۆ تاکە ئافرەتیت لەم یارییەدا وەك ناوبژیوان هەست بە چی دەکەی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت هەست بە تاقانەیی خۆم دەکەم لە ناو برا ناوبژیوانەکانم زۆر خۆشحاڵم و بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بەتوانای خۆم بدەم.

*** وەکو تاکە ئافرەتی ناوبژیوان لەم یارییە لە عێراق و کوردستان وەکو پێویست گرنگیت پێدراوە؟**

- بەڵێ زۆریش لێرە دەمەوێ لەم گۆڤارە ئازیزەوە سوپاسی



یەکێتیی ناوەندیی تۆپی سەرمێزی کوردستان و عێراق بکەم کە ئەوپەڕی هاوکارییان کردووم بۆ هەموو پاڵەوانێتییەك بانگم دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکان.

*** بەرنامەت بۆداهاتووی خۆت چییە ؟**

- هەمـــوو تاکێك لە ئێمە بەرنامەی خۆی هەیە بۆ ژیان منیـــش بەرنامەی تایبەتیی خۆم دەبێـــت و دەمەوێ لە ڕێگای وەرزشـــەوە لە ئاستی ناوبژیوانی بگەمە پلەیەکی بەرزتـــر و زیاتر توانای خۆم چڕ بکەمەوە بۆ بەهێزکردنی ئاستی زانیاریی خۆم.

*** بۆچی نەبوویتە یاریزان یان ڕاهێنەر، کاری ناوبژیوانیت هەڵبژارد؟**

- دیـــارە کەس ناتوانێ لە هەموو بوارەکاندا ســـەرکەوتوو بێت، منیش لە بواری ناوبژیوانی خۆم بەســـەرکەوتوویی زانیوە بۆیە هەڵمبژاردووە.

*** کێشـــەو وگرفتی ناوبژیوانی ئافـــرەت زیاتر لە چی ڕەنگ دەداتەوە ؟**

- من وەکو خۆم هیچ کێشەیەکم نییە و زۆریش ئاسوودەم لە کارەکەی خۆم.

*** لە کاری ناوبژیوانیت لەم یاریەدا هیچ کات کێشـــەت بۆ دروست بووە ؟**

- نەخێر ئەگەر تووشم هاتبێ شتێکی وا نییە کە شایەنی باس کردن بێت.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی پەیوەندیدار چییە؟**

- داواکارم کە جیاوازی لـــە نێوان ناوبژیوانەکان نەکرێت، هەر کەســـەو بەپێی لێهاتوویی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییەدا وەکو ناوبژیوانێك چییە؟**

- ئاواتم ئەوەیە نەك یاریی تێنس، بەڵکو وەرزش بە گشتی پێش بکەوێت و ئافرەتان زۆرتر بێنە پێشەوە و شوێن دەستیان دیار بێت لە نێو بواری وەرزشیدا.

**شارا ئەکرەم هەورامی یەکێك لە ئافرەتە وەرزشکارە بەتواناکانی شاری سلێمانییە، لەگەڵ هەریەك لە یانەکانی کەمال سەلیم و سلێمانی یاریی تێنسی سەرمێزو وەرزشەکانی دیکەی ئەنجامداوە و خاوەن ئاستێکی بەرزی یاریی کردن بووە، ناوبراو دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سلێمانییە، ئێستاش کاری مامۆستای وانەی وەرزشییە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٨ ی هەمان شارە، تاکە ناوبژیوانی ئافرەتە لە یاریی تێنسی سەرمێز و خاوەنی بڕوانامەی نێودەوڵەتییە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، ئێمە لە دەرەفتێك چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد.**

دیمانە: کارزان کانەبی








# ئەنشلۆتی: لەماوەیەکی نزیکدا ڤاران دەگەڕێتەوە یاریگاکان

بەڕێوەبەری هونەری تیپی ریال مەدریدی ئیسپانی کارلۆ ئەنشلۆتی رایگەیاند یاریزانی نێودەوڵەتیی فەرەنسی رافائیل ڤاران لەماوەی دە رۆژی داهاتوودا ئامادەیە بگەڕێتەوە یاریگاکان،دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژە بەهۆی پێکانەوە دابڕاوە. هەروەها ئەنشلۆتی روونی کردەوە خۆشبەختانە ڤاران لەئێستادا لەبارێکی باشدایەو بەشێوەیەکی تەواو لەپێکانەکەی چاك بۆتەوە کە پێکانی ئەژنۆی بوو. هەروەها ئەنشلۆتی وتی دوای ئەوەی ڤاران دەستی بە راهێنان کردەوە و بینیم ئامادەیە بۆ یاریکردن، بۆیە دەتوانم رای بگەیەنین کە ڤاران لەماوەی دە رۆژی داهاتوو بۆ یاریی بەرامبەر ئیسپانیۆل لەمیانەی یاریی چارەگی کۆتایی پاڵەوانییەتی شای ئیسپانیا ئامادەیە بۆ یاریکردن. شایەنی وتنە بەهۆی پێکانە یەك بەدوا یەکەکانی ڤاران ماوەیەکی درێژە لەیاریگاکان دابڕاوەو لە ١٢ مایۆی ٢٠١٣ نەشتەرگەرییەکی لە ئەژنۆی راستی کرد بەر لەوەی تووشی پێکان بێت بە هەوکردنی ئەژنۆی لە ٢٠ تشرینی دووەمی رابردوو تا ئێستا . گەڕانەوەی ڤاران لەکاتێکدایە یانەی ریال مەدرید لەم دواییانەدا توانیویەتی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و جیاوازی لەگەڵ هەردوو رکابەرەکەی ئەتلەتیکۆ مەدرید و بەرشلۆنە بۆ تەنیا یەك خاڵ کەم بکاتەوە.



# ئیتۆ لە وەرزی داهاتووەوە دەگەڕێتەوە ریال مایۆرکا

یاریزانی هێرشبەری کامیرۆن و یانەی چێلسی ئینگلیزی ساموێل ئیتۆ ئاشکرای کرد کە لە کۆتایی وەرزی ئەم ساڵدا بۆ یانەی پێشووتری مایۆرکای ئیسپانی دەگەڕێتەوە دوای ئەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەو یانەی رۆژئاوای لەندەنی بەکۆتا دێت. لەم بارەیەوە سپۆرتس مۆڵ لەزاری ئیتۆ بڵاوی کردۆتەوە بەرشلۆنەم خۆش دەوێت، بەڵام لەئێستادا باشترین یانە بۆ من ریال مایۆرکایە، هەروەها کوڕەکەشم گوشاری خستۆتە سەرم کە لەم یانەیەدا کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم بێنم، چونکە گرێبەستم لەگەڵ چێلسی تەنیا بۆ یەك وەرزە، بۆیە هەوڵ دەدەم چێژ لەم ماوەیە وەربگرم و دواتر بگەڕێمەوە مایۆرکا. شایەنی باسە ئیتۆ لە هاوینی رابردوودا لەیانەی ئەنژی رووسییەوە هاتە ریزی یانەی چێلسی بەپێی گرێبەستێك بۆ ماوەی یەك ساڵ و لەم ماوەیەشدا توانیویەتی سەرنجی هەموو لایەك بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەتایبەت لەدوا یاریدا لەگەڵ مان یونایتد لەیاریگای ستامفۆرد بریدج، کەتوانی سێ گۆڵی یارییەکە بۆ یانەکەی تۆمار بکات .






# فابریگاس: توڕەبوونم لەئاستی یارییەکەمان بوو، نەک کاردانەوە بەرامبەر ڕاهێنەر

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و یانەی بەرشلۆنە سیسك فابریگاس بەرگری لەو کاردانەوەی کرد کە لە کاتی گۆڕانکاریەکەی لەیاری یانەکەی بەرامبەر یانەی لیڤانتی ئەنجامیدا . فابریگاس بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕوونیکردەوە و گوتی : ئەو کاردانەوەی ئەنجامـدا لەکاتی هاتنە دەرەوەم لە یاریگا توڕەبوون نەبوو لەهێنانە دەرەوەم لەلایەن ڕاهێنەری یانەکەم، بەڵکو توڕەبوونەکەم بەهۆی خراپی یاریکردن و بێ تواناییمان لەگۆڵ تۆمارکردن بوو، بەجۆرێك هەستم دەکرد تۆپ نایەوێت بچێتە گۆڵەوە.

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا فابریگاس ئاماژەی بەوە کردبوو کە لە گێمی یەکەمدا بەشێوەیەکی باشتر لەگێمی دووەم یارییان کردووە، بەڵام بەخت یاوەریان نەبووە لەپێناو گۆڵ تۆمارکردن. شایەنی وتنە لەیاریی بەرشلۆنە لەگەڵ لیڤانتی کە بەیەکسان بوون بەکۆتاهات لەکاتی هێنانە دەرەوەی فابریگاس توڕەبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو بەجۆرێك وا گومان دەکرا لەبڕیاری ڕاهێنەرەکەی بێت، بەڵام دەرچوو بەهۆی بارودۆخی یارییەکە بووە نەك هۆکارێکی دیکە .

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



# کچانی سیروانی نوێ نازناوی سوپەری باسکەی کوردستانیان بەرز کردەوە

لە هۆڵی یانەی وەرزشیی ئەکاد لە شارۆچکەی عەنکاوە لە یاریی کۆتایی سوپەری باسکەی کوردستان هەردوو یانە ئەکادی پاڵەوانی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و یانەی سیروانی نوێ خاوەنی ریزبەندی پلەی دووەمی یانەکانی خولەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە هاندەرانی وەرزشی رووبەڕووی یەکتری بوونەوە، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو یانە بە درێژایی ماوەی یارییەکە کێبڕکێیان لەسەر بەدەست هێنانی کۆکردنەوەی خاڵەکانی یارییەکە دەکرد، لەم ناوەشدا سەرەتا یاریزانانی یانەی ئەکاد بە پشت بەستن بە یاریگاو هاندەران چەندین خاڵی یەك لەسەر یەکیان تۆمارکرد، بەڵام دواتریش یاریزانانی یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانی چەندین هێرشی یەك لە دوای یەکیان بردە سەر تۆڕی یانەی ئەکادو ژمارەیەك خاڵی گرنگیان بەدەست هێنا، لە کۆتایی یارییەکەشدا کچانی سیروانی نوێ بە پشت بەستن بە ئەزموونی ڕاهێنەرەکەیان توانیان یارییەکە بە جیاوازیی تەنیا ٣ خاڵ لەبەرژەوەندیی خۆیان بە کۆتایی بێنن بە ئەنجامی (٤٦-٤٣)خاڵ، بەم ئەنجامەش کچانی سیروانی نوێ نازناوەکەیان بردەوە بۆشاری سلێمانی لە کۆتاییشدا لە مەڕاسیمێکی شایستە خەڵات و جامی سەرکەوتنیان بەسەر یاریزانانی هەردوو یانە دابەشکرا.



## ڕاهێنەری یانەی نەورۆز:

# لە قۆناغی دووەم ئاستمان گۆڕانکاری بەسەردا دێت



# کچانی زێرەڤانی بوونە پاڵەوانی فوتساڵی کوردستان

لـــە دوای ئەنجامدانـــی چەندیـــن یـــاری لە یارییەکانـــی خولی نایابی فوتســـاڵی یانە پلە نایابەکانی کوردســـتان، تیپی فوتســـاڵی کچانی زێرەڤانیی شـــاری دهۆك ئەم ساڵ توانیان ئاستێکی بەرز لە خولەکە پێشـــکەش بکـــەن و یاری لە دوای یاری ئاستی باشتریان پێشکەش دەکرد، هەر بۆیەش بەر لە تـــەواو بوونی خولەکە بەیەك هەفتە نازناوی خولەکەیـــان بۆ خۆیان یەك لایـــی کردەوە، بۆ دووەم جار لەسەر یەك نازناوی خولەکەیان لە شاری دهۆك جێهێشتەوە، لەبارەی بە دەست هێنانی ئەم ئەنجامە باشە، عەبدولخالق حەسەن سەرۆکی یانەی وەرزشیی زێرەڤانـــی بۆ گۆڤاری گـــوڵان گوتی» ئێمە بە تیپێکی بەهێز وخۆئامادەکارییەکی باشەوە خۆمان بۆ خولەکە ئامادە کردبوو، ئەمســـاڵیش خۆشبەختانە توانیمان ئاستێکی بەرز لەسەرجەم یارییەکانی خولەکە بەدەســـت بهێنین و نازناوی پاڵەوانێتییەکەش هەر لە شـــاری دهۆك بهێڵینەوە، ئەمساڵیش ئێمە پارەیەکی باشـــمان لە تیپەکـــە خەرجکردو ئەوانیـــش توانیان نازناوەکە لەشارەکەی خۆیان بهێڵنەوە.



دوای ئەوەی دەستەی کارگێڕیی یانەی نەورۆز بڕیاری گۆڕانکاری لە دەستەی ڕاهێنەرانی یانەکەی دا، بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا ئاســـتی یانەکە گۆڕانکاریی باش بەخۆیەوە ببینێت ئاســـتی یانەکە بەرەو پێش ببەن، لە دوایین ریزبەندی یانەکان رزگاریان بکات کە ئێســـتا یانەکە خاوەنی تەنیا ١٣خاڵە و لە پلەی دوازدەهەمدا دێت، لەم بارەشـــەوە ئەرسەلان جەلال راهێنەری یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتـــی: ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆئەوەی ئاســـتی خۆمـــان بەرز کەینەوە، هەموو یاریزانانی یانەکەشـــمان بەڵێنی ئەوەیـــان داوە هەرچی لە توانایاندا بێت بیکەن بۆ بەدەســـت هێنانی ئەنجامێکی شایســـتە و قەرەبوو کردنەوەی ئەنجامە خراپەکانی قۆناغی یەکەم، لە رووی داراییشـــەوە تاکو ئێستا هیچ کێشەیەکمان نییە، لە رووی هونەریشەوە تەنیا یەکێك لە یاریزانە باشەکانی یانەکەمان تووشـــی پێکان بووە، لە بارەی کێشـــەکانیش گوتی: ئێمە تەنیا یەك کێشـــەمان هەیە ئەویش کێشەی کاتە، چونکە ئێمە پێویســـتمان بە کاتی زیاترە، لە بـــارەی ئەنجامدانی گۆڕانکاریش ناوبراو گوتی: تاکو ئێســـتا بڕیاری گۆڕانکاریم نەداوە، چونکە تـــەواوی یاریزانەکانمان بەتوانان و متمانەی تەواوم بە یاریزانانی خۆمان هەیە کە دەتوانن ئەنجامی دڵخۆشـــکەر بەدەســـت بهێنن، بڕیاری ئەوەشمان داوە کە هیچ یاریزانێك ناهێنین و هێشـــتا کاتمان لەبەر دەســـتدا ماوە لە یارییەکانی داهاتوو تیپەکە بەرەو ئەنجامی باش ببەین.